## کامیل ژیر:

# پەشیمانم لەو ساڵانەی لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیدابووم

ئاسۆ ژمارە ١٤٢٧
دووشەممە ٢٠١١/٣/١٤
15
یادەوەری ئاسۆ



فۆتۆ: سەڤین ئیسماعیل

### بەرایی

بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە «ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان» لای ئەو لە هەموو شتێک گرنگترە، ئەو ئەگەرچی لە حیزبێکی مارکسیدا سیاسەت فێردەبێت، لێ خولیا و ئامانجە نەتەوەییەکانی باڵفڕەی دەکەن و خولیای دۆزینەوە و دامەزراندنی حیزب و ڕێبازێکی کەوا کورد بەرەو سەربەخۆیی بەرێت دەکەوێتە سەریەوە.

بەردەوام سەربەخۆیی دەڵێتەوە، بەیانیان خەونی پێوەدەبینێت و لای نیوەڕۆیان چالاکی لە پێناودا دەکات و سەرلەئێوارە و شەوانیش پێنووسەکەی بۆ دەخاتەکار. کامیل ژیر زیاتر سەربەخۆیخوازێکی تەمەن هەڵکشاوە، لێ ئێستایش بەهەمان وزەی لاوێتییەوە خەون بەرەفزکردنەوەی «پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەرەکان»دا دەبینێت و دەڵێ زوو یان درەنگ ئێمە دەگەینە ئەو ڕۆژەی کە هەر خۆمان بەسەربەخۆیی لەسەر خاکی خۆمان بژین. تەمەنی خۆی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا بەخشیوە، هەرگیز کۆڵی نەداوە و وەکو خۆی دەڵێ بەتەمایش نییە کۆڵبدات.



فاضل نظام الدين، کامیل ژیر - ساڵی ١٩٤٨

**دەمانەوێت لە منداڵی و سەرەتاکانی چوونە قوتابخانەتەوە دەست پێ بکەین، جەنابت لەکوێ لەدایک بوویت و ساڵی چەند؟**

لە ١٩٣٤/١٢/٢٠ لە شاری سلێمانی لەدایک بووم، لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر و کوردپەروەری سلێمانی، باوکم بڕوانامەی سەرەتایی ئەو سەردەمەی هەبوو، مامم«ا.ب هەوری» شاعیری ناسراوی کوردە، خاڵی باوکم شێخ سەلامی شاعیری بەناوبانگە، براکەم فازیل نیزامەدین فەرهەنگسازی ناسراوە. ئێمە تێکڕا وەکو بنەماڵە دەچینەوە سەر پیر خدری شاهۆ، پیر خدری شاهۆیش یەکێکە لە پیرەکانی زەردەشت. هەر لەبارەی بنەماڵەکەمانەوە، باپیری گەورەمان شێخ نیزامی ناوبوو، ئێستا مەرقەدەکەی لای گوندی چنارەی دەربەندیخانە، تائێستایش خەڵک دەڕۆن بۆ زیارەتی و زانایەکی ئایینی گەورە بووە.

**مامۆستا چەندەمین منداڵی خێزانەکەتان بوویت؟**

سێیەمین منداڵی خێزانەکەمم.

**بار و زروفی ئەوکاتەی خێزانەکەتان بەشێوەیکی گشتیی چۆن بوو؟**

تاڕادەیەک مامناوەندی بوو، نە هەژار و نە دەوڵەمەند بووین.

**ژیانی منداڵیت چۆن دەگوزەراند؟**

بەکوێرەوەری ، لەوکاتەوەی لەسەر بێشکە بووم گەلێک ناخۆشیم بینیووە. یەکێک لە ناخۆشییەکان کە دوایی بۆمیان گێڕاوەتەوە ئەوەیە کە هێشتا لەسەر پشتی بێشکە بووم، تووشی چاوئێشە بووم، ئەوکاتە دکتۆر و نەخۆشخانە نەبوو یاخود زۆر کەمبوون. دکتۆری کۆڵگێڕ هەبوو دەگەڕان، کاتێک من تووشی ئەو چاوئێشە بەهێزە بووم چاوی منی پیشان دەدەن ئەویش بە حسابی خۆی دەرمان دەکاتە چاوم، بەڵام لێی تێکدەچێت و لەجیاتی دەرمان تێزاب دەکاتە چاوم، ئیتر ئەو تێزابە چاوم دەسوتێنێت، واتە بەو منداڵییە زیاتر لە ساڵێک بەو دەردەوە ناڵاندومە. لەدوای پۆلی سێی سەرەتاییشەوە بەردەوام بەرۆژ کارمکردووە و بەئێواران خوێندوومە سەرباری زیندانی و نەفی و دەربەدەرییەکی زۆر.

هێشتا تەمەنم ٤ بۆ ٥ ساڵ بوو، باوکم خستمییە حوجرە، لە حوجرەی مەلا نەجمەدین و حوجرەکەی مەلا بەکریش خوێندوومە پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە. دوای ئەوەی کە چووم بۆ قوتابخانە خوێندەوارییەکم هەبوو.

**لە حوجرە تا مەرحەلەی چەند رۆیشتی؟**

تا جزمی عەمەم تەواوکرد. پاشان کە چوومە قوتابخانە وتم خوێندەواریم هەیە و دەتوانم لە پۆلێکی بەرەو ژوورتر بخوێنم و دەتوانن تاقیکردنەوەم پێ بکەن، وتیان زۆر باشە. بەڕێوەبەرەکەمان مستەفا ئەفەندی ناوبوو پێیان ئەوت گاڕووت، وتی دەتخەینە پۆلی سێ. ئەمە لە ساڵەکانی ١٩٤٠دا بوو. نازانم چ ساڵێک بوو بەتەواوی، یونس ئەفەندی جێگری بەڕێوەبەر بوو، وتی نەخێر دەتخەینە پۆلی دوو بۆ ئەوەی بناغەکەت بەهێز بێت، دەرئەنجام هەردووکیان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بمخەنە پۆلی ٢ و دەستمکرد بە خوێندن.

**قوتابخانەکەتان ناوی چی و لەکوێ بوو؟**

ناوی «قوتابخانەی خالیدیەی کوڕان» و هەر لەنزیک ماڵی خۆمان بوو.

**دوای ئەوە چۆن درێژەت بە خوێندندا کە چوویتە ناوەندی؟**

پۆلی ٢ و٣ سێم خوێند، پۆلی ٤و٥و٦م بەئێواران خوێند و بە رۆژیش کارم دەکرد، کاری وەکو شاگردی و شت فرۆشتن و ئەو جۆرە کارانە، بەتایبەتی لەگەڵ کاکم و باوکمدا کە ئەوانیش دوکانیان هەبوو، تا چوومە قوتابخانەی ناوەندی، لە ناوەندیش پۆلی یەک و دووم تەواو کرد، لە پۆلی دوودا لەسەر سیاسەت گیرام، گرتمیان و ناردمیان بۆ شوعەیبە وەکو دیلێک، ئەوکاتە زۆر کەسی دیکە لە شارەکانی عیراقەوە، ئەو قوتابیانەی کە خەریکی سیاسەت بوون، گیران و رەوانەی شوعەیبە کران لە مەعسکەرێکدا بووین نزیکەی ٨ مانگ لەو مەعسکەرەدا ماینەوە، دوای ئەوە ئازادکراین. ئەوە بوو بە هۆکارێک کە لە خوێندن بپچڕێم و ماوەیەک دوای ئەوە رۆیشتم بۆ بەغدا و دەستمکردەوە بە خوێندن و پۆلی سێی ناوەندیم لە بەغدا تەواو کرد. دوای ئەوە چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی نواندن و دەرهێنان، دوای ساڵێک وازم لەوەیش هێنا و دەستمکرد بە کاری رۆژنامەوانی و ماوەیەک سەرپەرشتی (گۆڤاری هیوا)م دەکرد. ماوەیەکیش سەرپەرشتی روژنامەی خەبات بەشە کوردییەکەی لەگەل حیلمی عەلی شەریف.

**لە قوتابخانە زیاتر حەزت لە چ وانەیک دەکرد؟**

زیاتر بیرکاری، وەک هیوایەتیش حەزم لە وەرزش و (هونەری شانۆ) دەکرد.

**ئەی بۆچی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەردەوام نەبوویت؟**

راستییەکەی دوای ئەوەی ساڵێک لەوێ خوێندم شارەزاییەکی سەرەتایم پەیداکرد لە بواری شانۆ، دوای ئەوە چاوم لە زیاتر بوو و دەمویست هەر بە هونەرمەندی نەمێنمەوە، بەڵکو حەزم لە کۆلیجی یاسا کرد و پێمخۆشبوو ببمە پارێزەر، لەبەرئەوە چووم (تاقیکردنەوەی دەرەکی)ی ئامادەییم لە بەغدا دا و دوای ئەوە چووم بۆ سویسرا لەسەر داوای د.کامەران بەدرخان و ماموستا جەمال نەبەز بۆ ئەوەی لەوێوە بچمە پاریس بۆبەڕێوەبردنی رادیۆیەکی کوردی کە نیازبوو حکومەتی فەرەنسا دایمەزرینێ، بەڵام بەداخەوە ئەو پروژەیە سەرینەگرت. ناچار لە سویسرا مامەوە و لە زانکۆی جنێڤ خۆم ناونووسکرد و ماوەیەک خەریکی فێربوونی زمانی فەرەنسی بووم، بەڵام بەهۆی چالاکیی سیاسیمانەوە و گەیاندنی دەنگوباسەکانی شۆڕشی ئەیلول بە میدیاکانی جنێڤ، هەردووکمان «من و نەبەز» بەفیتی سەفارەتی عیراقی لە سویسرا دەرکراین و رووماکردە نەمسا. بەوجۆرە ماوەیەک لە خوێندن پچڕام. ساڵی ١٩٦٢ چوومە کۆلیژی یاسا لە دیمەشق و لە ١٩٦٦ کۆلیجی یاسام لە بەغدا تەواوکرد.

**واتە لەکاتی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ جەنابت لە بەغدا بوویت؟**

بەڵی لەوێ وەک دەسبەسەریکی سیاسی لە ئەبوغریب بووم.

## ئاشنابوون بەکتێب و خوێندنەوە

**سەرگوزشتەی ئاشنابوونت بە کتێب و خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

لەڕاستیدا سەرەتای خوێندنەوەم لە گۆڤاری گەلاوێژەوە دەستپێدەکات، گۆڤاری گەلاوێژ کە ساڵی ١٩٣٩ دەستیکرد بە دەرچوون. فازیلی برام ئابوونەی لەو گۆڤارەدا هەبوو، واتە بەشداری هەبوو و هەموو ژمارەکانی بە پۆستە بۆ دەهات. منیش هەموویم دەخوێندەوە، گۆڤاری گەلاوێژ بوو بە سەرچاوەیەکی رۆشنبیری بۆ من و ئاسۆی بیری منی روناک کردەوە. پێش گۆڤاری گەلاوێژیش دیوانی هەندێک لە شاعیرەکانم خوێندبووەوە بەتایبەتی دیوانی بێکەس و قانیع و هەندێک لە شیعرەکانی بێکەسیشم لەبەر بوو. بیرم دێت لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم مامۆستا غەفوری مەلا عەلی دەرسی کوردی پێ دەوتین شیعرێکی بێکەسی خوێندەوە دێڕێکی بەهەڵە خوێندەوە من وتم مامۆستا تۆ ئەوەت بە هەڵە خوێندەوە، توڕە بوو وتی: تۆ چۆن دەزانی و من چۆن هەڵە دەکەم؟ من هەر پێداگریم کرد و وتم نەخێر مامۆستا ئەوە هەڵەیە. وتی: چۆن؟ وتم دیوانەکەمان هەیە لەماڵەوە و شیعرەکەیشیم لەبەرە. وتی: بچۆ بیهێنە ئەگەر وادەرنەچوو لێت دەدەم. وتم باشە، بەڕاکردن چوومەوە بۆ ماڵەوە، ماڵەومان نزیک بوو دوای ٦-٧ دەقیقە دیوانەکەم هێنا و پیشانمدا، وتی ئافەرم راستدەکەیت قسەکەی تۆیە. بەوجۆرە هەر لەمنداڵییەوە خوێندنەوەم هەبوو، لەهەرزەکاریشداچونکە ماوەیەک تێکەڵاوی رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عیراق بووم، ئەوە وایکردبوو کە زۆر بخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەدەبیاتەکانی حیزب هەمووی و چ گوڤار و رۆژنامە و کتێبێکی تریشم بەردەست بکەوتایە.

**کاریگەری خێزانت لەسەر بوو بۆ خوێندەوە یان حەزی خۆت بوو یان بەهۆی هاوڕێکانتەوە بوو؟**

سەرەتا لەڕێگای فازیلی برامەوە کە چوار ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، ئەو زۆری دەخوێندەوە و کتێبی زۆریشی هەبوو، جگە لە «گەلاوێژ» و «دەنگی گێتی» تازە و ئەو دیوانە شیعریانە و ئەو کتێبانەی کە ئەو هەی بوو. لەبەرئەوە کاریگەری ئەو برایەم لەسەر زۆر بوو. دوای ئەوەیش ئێمە هەر تێکڕا وەکو بنەماڵە و خێزانێک کە خێزانێکی رۆشنبیر بووین و هەمیشە لە مەجلیسی خێزانماندا باس لە ئەدەب و رۆشنبیری و شیعر و سیاسەت و کوردایەتی دەکرا، ئەمانە هەموو کاریگەری هەبوو بۆ سەر من کەوا بەردەوام بووم لەخۆ پڕچەککردن بە خوێندەواری و زانست.

**جگە لە کتێبخانەی براکەت، خۆت هەوڵی دروستکردنی کتێبخانەت نەدەدا؟**

بێگومان، ئەو کارانەی بە رۆژ دەمکرد و پارەم وەردەگرت، لەو پارانە کتێب و رۆژنامەم دەکڕی، بەردەوام رۆژنامەی ژینم دەخوێندەوە، چ رۆژنامەیەکم بەردەست بکەوتایە تەنانەت رۆژنامەی عەرەبیشم دەخوێندەوە، خۆیشم چەند جار کتێبخانەم دروست دەکرد و کتێبی زۆرم کۆدەکردەوە، بە بیرم دێت سێ جار لە ماڵەوە من کتێبخانەم دروستکردوە، بەڵام هەر سێ جارەکە لە ئەنجامی ئەوەدا کە زوو زوو دەگیرام، کتێبخانەکەم دەسوتێندراو پاشان سەر لە نوێ دروستم دەکردەوە.

**نزیکترین ئەو هاوڕێیانەت کێ بوون کە لەو سەردەمەدا دەتانخوێندەوە و کتێبتان ئاڵوگۆڕ دەکرد کە ئێستا ناوی دیاربن ؟**

جگە لە براکەم و مامەکانم، غەنی فەرج کە زۆر کات پێکەوە بووین و ئاڵوگۆڕی بیروڕایشمان دەکرد، دوای ئەوەیش وردە وردە لەو بوارەدا برادەری ترم بۆ پەیدابوو وەکو جەلالی میرزا کەریم، قادری میرزا کەریم. کە پلەیەکی زیاتر چوومە پێشەوە لەگەڵ کامەران موکری و حەمەساڵح دیلاندا ناسراویم پەیداکرد و بووین بە برادەر و هەمیشە ئاڵۆگۆڕی بیروڕامان دەکرد. لە پەنجاکانیشدا؛ جەمال نەبەز و ئەحمەد هەردی و عەبدوڵڵا جەوهەر و گۆران و فەرەیدون عەلی ئەمین و ئیحسان فوئاد و فایەق عارف و شێخ سدیقی شێخ مەحمود و زۆریتریش.

## ئاشنابوون بە سیاسەت

سیاسەت قۆناغێکی تری ژیانی مامۆستا کامیل ژیرە، ئەو بە شیوعێتی داخڵی سیاسەت و لە فیکری کوردایەتیدا دەگیرسێتەوە. با بزانین خۆی چۆن ئەو سەرگوزشتەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

سەرگوزشتەی ئاشنابوونی من بەکاری رێکخراوەیی سیاسی لەڕاستیدا لە ساڵی ١٩٤٨وە دەستپێ دەکات، بەرلەوەیش وەکو وتم لە ئەنجامی خوێندنەوەوە هۆشیاری سیاسیم هەبوو، بەڵام وەکو رێکخستن و ئەندامێتی کە بچمە ناو رێکخراوێکی دیاریکراوەوە ساڵی ١٩٤٨ چوومە ناو رێکخستنەکانی حیزبی شیوعیی عیراقەوە کە ئەوسا پێیدەوترا تەحەروڕ.

**لەڕێگەی کێوە؟**

لەڕێگەی مامەکانمەوە. مامەکانم جگە لە (ا.ب.هەوری)، ئەوانیتر ئەندامی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی بوون وەکو «سەید مەجید، سەید نوری، سەید تەها، سەید ئەحمەد». سەید تەها وتاربێژی شیوعییەکان بوو لەچلەکاندا، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر من، دەنگێکی زۆر لەباری هەبوو کە وتاری دەخوێندەوە و جەماوەری لەخۆی کۆدەکردەوە، بۆیە لەڕێگەی ئەوانەوە من ئاشنابووم بە حیزبی شیوعی، بەڵام نەک حیزبی شیوعی خۆی بەڵکو رێکخستنەکانی وەکو قوتابیان و کرێکارانەوە دەستمپێکرد. من بە هەڵە چوومە ناو رێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوە. من هەر لە منداڵییەوە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لام گەڵاڵە بوو بوو، چونکە لەناو بنەماڵەکەماندا ئەوندە باسی رابردووی کورد دەکرا و باسی بۆمبارانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە دەکرا، زۆر باسی ٦ ئەیلولم بۆ دەکرا کە پێی دەوترێت شەڕی بەردەرکی سەرا یاخود راپەڕینی ساڵی ١٩٣٠، باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە چەند کەس لەوێدا شەهید بوون، ئەوانە وایان کردبوو زیاتر بیر لە سەربەخۆیی کورد بکەمەوە، هەڵبەت چوونەکەی من بۆ ناو حیزبی شیوعی ئەو کاتە وام دەزانی «زۆر کەسی تریش وایان دەزانی» کەوا کلیلی سەربەخۆیی کوردستان لە مۆسکۆیە و ئێمە لەڕێگەی شیوعییەتەوە دەگەین بە سەربەخۆیی کوردستان، ئەو هەڵە بیرکردنەوەیە وایکرد بچمە ئەو رێکخستنانەوە. لەڕاستیشدا لە ساڵی ١٩٤٨وە تا ١٩٥٨ تەنیا وەکو رێکخستن لە گەڵیاندا بووم، نەک وەکو بیروباوەڕ، چونکە بیروباوەڕی شیوعیەتی، زانیارییەکان لەبارەیەوە سنورداربوو، ئەو کتێبانەی کە لەبارەی شیوعیتیەوە بە دوورودرێژی دەنووسران لە لوبنان و لە شوێنانی تر نەدەگەیشتنە سلێمانی، سەرچاوەی ئێمە بەزۆری رۆژنامەی قاعیدە بوو، ئەویش هەر ئەو قسانەی دەنووسی کە رێکخەرەکانمان بۆیان دەکردین، ئەوانیش قسەیەک بە دڵی ئێمە بووایە ئەوەیان دەکرد نەک حەقیقەتی شیوعییەتی.

**ئەو کەسانەی پێکەوە سیاسەتتان دەکرد کێ بوون؟**

زۆر کەس بوون وەکو: د.کەمال فوئاد، فوئادی مەجید بەگ، نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، نائیبی

خەیات، برایمی مەلا عەلی، قادری میرزا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، قالەی رەشە ناسک، وەستا عەولی بەنا، وەستا عارفی خەیات، کوڕێکی تر خەیات بوو ناوی عومەر بوو، بەکری خەیات هەبوو ئەو شەهید بوو لە خۆپیشاندانێکدا، قادر عومەر و زۆریتریش.

**دواتر چۆن درێژەت بە سیاسەتدا لەناو حیزبی شیوعیدا، ئایا پلەت وەرگرت چوویتە پێشەوە، ئیشت دەکرد؟**

لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی تاکو پلەی ئەندامی ناوچەی سلێمانی گەیشتم ئەوکاتەی عوسمان خوشناو بەرپرسی سلێمانی بوو، پاشان لەوێدا گیرام، جارێک لە ساڵی ١٩٥٤ بە دیلی بردمیان بۆ شوعەیبە و دوای نزیکەی ٨ مانگ ئازادبووم. چەند جارێکی تر لە سلێمانی دەگیرام و ئاخر جار لە ساڵی ١٩٥٧دا ئەوکاتە شوعبەی تەحقیقاتی ئەمن بانگیان کردم و وتیان یا دەبێت بەرائەت بکەیت لە حیزبی شیوعی یان کێشەیەکەت بۆ دروستدەکەین و ٣ ساڵ دەتخەینە زیندانەوە یان نەفیت دەکەین یان وازبێنە لە سیاسەت، معاونەکە ناوی مەسعود بوو مفەوەزەکەیش تالیب. وتم من بەرائەت ناکەم، چونکە شوورەیی و عەیبە، بەرائەتکردن ئەوکاتە شتێکت لە جەریدە دەنووسی کە من بەریئم لە حیزبی شیوعی، وتم ئەوە عەیبەیەکی زۆر گەورەیە، وتم هەتا ئەگەر باوەڕیشم بە حیزبی شیوعی نەمێنێت هەر بەرائەتی لە دژ ناکەم، چونکە ئەوە جوامێری نییە. هەروەها ٣ ساڵیش حوکمم بدەن شتێکی باش نییە، بەڵام بۆ نەفیکردن ئەوە کەیفی خۆتانە، وتیان باشە نەفیت دەکەین بۆ بەسرە، وتم نا بۆ بەغدام نەفی بکەن، وتیان نەخێر، لەئەنجامدا لەسەر ئەبوغریب پێکهاتین، لەوێ وەک دەسبەسەریکی سیاسی مامەوە هەتاکو شۆڕشی ١٤ی تەمووز کە ئازادبووم.

**ئەو ماوەیە لە ئەبو غرێب سەرقاڵی چی بوویت؟**

برایەکم لە ئەبو غرێب فەرمانبەری کشتوکاڵ بوو بۆیە رازی بووم نەفیم بکەن بۆ ئەوێ، لەوێ دەبوو رۆژی دوو جار بچوومایە بۆ پۆلیسخانە و ئیمزام بکردایە، دوورخراوەی سیاسی وابوو دەبوایە بەیانیان و ئێواران بچوایە لە پۆلیسخانە ئیمزایەکی بکردایە. پاشان بەهۆی ئەو برایەمەوە خوالێخۆشبوو فازیل، وەکو موراقیبی کرێکاران لە دائیرەی کشتوکاڵ دایاننام و موچەیەکەم وەردەگرت کە پێی ئەژیام. جارجاریشی بەدزیی پۆلیسەوە دەچووم بۆ بەغدا و رۆژنامەی ژینم بەرچاو دەکەوت و دەمخوێندەوە، لە ژین گرەوێک کرا لەبارەی هۆنراوەیەک بۆ بەهاری کوردستان، کێ هۆنراوەکەی جوانتر دەرچێت پاداشتی دەکەن، لیژنەی هەبوو، منیش زۆر دەمێک نەبوو دەستمکردبوو بە هونراوە نووسین، لەو دوورخراوەیی و غەریبایەتییەدا و لەو بارە دەروونییەدا، هونراوەیەکم لەبارەی بەهاری کوردستانەوە بە پۆستەدا بۆ ناردن، لەدوای ماوەیەک وەکو موفاجەئەیەک وابوو کاتێک وەڵامم بۆ هاتەوە و وتیان پیرۆزبایت لێدەکەین هۆنراوەکەی تۆ یەکەم دەرچووە، بەلامەوە خۆش بوو، چووم بۆ وەرگرتنی پاداشتەکە. لەوێ داوایان لێکردم وتیان مادام تۆ توانایەکت هەیە و ئێمەیش گۆڤارێکمان هەیە بەناوی هیوا کە یانەی سەرکەوتن لە بەغدا رەزامەندیی بۆ وەرگرتبوو، وەرە سەرپەرشتی دەرکردنی ئەو گۆڤارەمان بۆ بکە. ئیتر بە هاوکاریی ماموستایان کەریم زانستی و محەمەد نوری عارف و بەێنیکیش نەسرین فەخری ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ گۆڤارەکەمان سەرپەرشتی دەکرد.

**بەهۆی شیوعی بوونتەوە نەفی کرایت، پاشان ساڵی چەند بەتەواوی وازت لە حیزبی شیوعی هێنا؟**

ساڵی ١٩٥٨، سەیرەکە ئەوەیە من لە ساڵی ١٩٥٨ و لەکاتێکدا وازم لە حیزبی شیوعی هێنا کە حیزبی شیوعی چووبووە ئەوپەڕی هێز و توانایەوە، خەڵک هەبوو بە حەیاتی شیوعی نەبوو دەهات دەیوت من ئەوەندە ساڵ شیوعی بووم و خۆی دەخستە ناو حیزبەکە، بەڵام من لەوکاتەدا وازم هێنا...

**بۆچی وازت هێنا؟**

چونکە کە ئینقلابەکەی ١٤ی تەمووز بوو من لە ئەبو غرێب بووم، بەیانی زوو کە گوێم لە رادیۆ بوو هاتم بۆ بەغدا، هێشتا شەڕ بوو لەنێوان عەسکەر و یەکێک لە قەسرەکانی مەلیکدا لەبەردەمی قەسری ریحاب لای جیسری خڕ، دوای ماوەیەک قەسر بێدەنگ بوون و بەرانبەر بە سوپا خۆیان بۆ رانەگیرا و عەسکەر چووە ژوورەوە و «وەسیی عیراق»یان هێنایە دەرەوە، کە هێنایان بەزیندوویێتی پەتیان کردە ملی و رایانکێشا و بەستیان بە پشتی ئۆتۆمبێلێکەوە و تا وەزارەتی دیفاع رایانکیشا، ئەوە کاریگەرییەکی خراپی کردە سەرم! کەسێک خۆی تەسلیم دەکات تۆ بۆچی بەو شێوەیە پەت دەکەیتە ملی و رایدەکێشیت، ئەوە یەکەم کاردانەوە بوو کە کاریگەری دەروونی لەسەر من کرد و نیگەران بووم بەرانبەر بەو کردەوەیە. کاردانەوەی دووەم تەسەڕوفاتی شیوعییەکان بوو بەرانبەر کورد و کوردایەتی. پێشتر بەئێمەیان دەوت کورد لەڕێگای کۆمۆنیستییەوە بە سەربەخۆیی دەگات و مافی خۆی بە دەست دەهێنێت، سەیرم کرد ئەوان بەپێچەوانەوە دژی هەموو بەرژەوەندییەکی کورد بوون، دژی هەموو بزاڤێکی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بوون کە نیمچە کوردایەتییەکی دەکرد. ئیتر خۆم بە رەنجبەخەسار زانی کە چەند ساڵێ لەو حیزبەدا بووم.

**لە کۆبوونەوەکانتاندا ئەمانەت لەگەڵیاندا باس دەکرد؟**

باسمدەکرد، بەڵام هەر گوێیان لێ نەدەگرتم، دەیانووت بابە دنیا لەکوێیە و تۆ لەکوێیت؟ دنیا خەریکی چییە و نەتەوایەتی چی و کوردایەتی چی، دەیانووت دنیا هەمووی بەرەو شیوعییەت دەڕوات، دەیانووت ئەوە حەتمیەتی مێژووە، دنیا هەر بەرەو شیوعیەت دەڕوات و نەتەوایەتی باوی نەماوە، نەتەوایەتی قۆناغێکە لە مێژوودا، ئەو قۆناغە لە مەرحەلەی بورژوازیدا دەستپێدەکات و بە نەمانی بورژوازی ئەو مەرحەلەیە نامێنێت و ئیتر نەتەوایەتی کۆتایی دێت و دنیا هەمووی ئەبێت بە یەک دەوڵەت و یەک کیان و هەندێک قسەی تریش کە عەقڵی من نەیدەبڕی، بۆیە ئەوانە وایکرد کە من واز لە حیزبی شیوعی بێنم و بەتەواوی ڕێبازی کوردایەتییەکەم بگرمەبەر.

**کاتیک وازتهێنا ئەوان هیچ بەدواداچوونێکیان نەکرد؟**

نەخێر. ئەوان لەهەڵکشانێکی وادابوون دەربەستی ئەوە نەبوون کێ وازدێنێ.

## قۆناغی نووسین

مامۆستا لە خێزانێکی رۆشنبیر و خوێندەوار هاتووەتە دنیاوە و پەروەردە بووە، پاشان تێکەڵاوی سیاسەت بووە و ماوەی ١٠ ساڵی ئەندامی حیزبی شیوعی عیراق بووە، بەڵام نەمانزانی چۆن دەستیکردووە بە نووسین. مامۆستا کامیل ژێر بەم شێوەیە باسی ئەو ئەزموونە سەرەتایەمان بۆ دەکات:

نووسینم لە رۆژنامەی ژینەوە دەستپێکرد، لەو رۆژنامەیەدا چەند وتارێکم بڵاوکردەوە، پاشان چەند چیرۆکێکی ترم نووسی و هەروەها چەند هۆنراوەیەکیشم لە ژیندا بڵاوکردەوە، یەکەم هۆنراوەیەک کە لە ژیندا بڵاومکردەوە ناوی «هەژار لە جەژندا» بوو، من هەمیشە لەخەمی هەژاران و سەربەخۆیی کوردستاندابووم. تازە دەستمکردبوو بەنووسینی هۆنراوە، هۆنراوەکەم برد بۆ رۆژنامەی ژین. ئەوکاتە مامۆستا گۆران سەرپەرشتی رۆژنامەی ژینی دەکرد، کە هۆنراوەکەی خوێندەوە زۆر هانی دام وتی: تۆ توانایەکی شیعری باشت هەیە و بەردەوامبە. قسەکانی مامۆستا گۆران وای لێکردم زیاتر باوەڕ بە خۆم بکەم و بنووسم، ئیتر بەردەوامبووم. لە ساڵی ١٩٥٦دا وەکو وتم من چالاکی هونەریم زۆر بوو لە قوتابخانەدا بووین ئەوکاتە هەموو ساڵێک شانۆگەرییەکی عالەمیمان وەردەگێرا بۆ کوردی و بەشێوەی نواندن دەمانکرد و لەهەمانکاتیشدا لەپاڵ ئەو شانۆگەرییە عالەمیەدا شانۆگەرییەکی ناوخۆییشمان دەکرد کە زیاتر قاڵبی کۆمیدی پێوە دەبوو، هەر ١٩٥٦ شانۆنامەیەکم نووسی بەناوی «ئافرەت و نووشتە» و دوایش چاپمانکرد و بوو بە یەکەم چاپکراوی خۆم و بوو بە یەکەم شانۆنامەی چاپکراویش لە کتێبخانەی کوردیدا. دەتوانم بڵێم بڵاوکردنەوەی نووسینی من لە ١٩٥٤وە دەستپێدەکات.

**پاشان، چۆن درێژەت پێدا؟**

پاشان بووم بە بەرێوەبەری گۆڤاری هیوا و لەپاڵ ئەوەیشدا کە سەرپەرشتیم دەکرد، خۆیشم بابەت و هۆنراوەم دەنووسی. لە ساڵی ١٩٥٧دا یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەم چاپکرد لە دیوانێکدا بەناوی «نازەنین»ەوە، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشی دووەمی هۆنراوەکانم بە ناوی «کوردایەتی بیروباوەڕمانە.. ئامانجی نزیک و دوورمانە» چاپکرد، ئەو کتێبەیش تۆزێک هەڵای نایەوە، کاکە حەمەی مەلا کەریم رەدی دیوانەکەی دایەوە و بەشتێکی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیانە و قەومیانەی دایە قەڵەم کە گوایە ئەمە پێچەوانەی بیروباوەڕی شیوعێتییە، ئێمەیش وەڵامی ئەومان دایەوە بەناوی (کوردایەتی بزووتنەوە و بڕوا و رژێمە، نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا) بەناوێکی خوازراوەوە «زەردەشت»کە دارشتنی یەکەمی نووسینەکە ماموستا جەمال نەبەز بوو. ئەو کتێبەیش دیسان کاردانەوەی زۆری لەسەر رونکردنەوەی ئاسۆی لاوی کورد کرد بەرەو نەتەوایەتی بڕوات، ساڵی ١٩٨٣ بەشێکی تر لە هۆنراوەکانم بەناوی جوانییەوە چاپ کرا. لە ١٩٩٣وە تا٢٠١٠ئەم بەرهەمانەی ترم چاپکرد: کوردایەتی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ٩٤، هەڵبەستەکانی ژیر٩٣، گەورەپیاو٩٢، افکار٢٠٠٢، کوردایەتی و سەربەخۆیی ٢٠٠٢، کوردایەتی و کۆمیدیای گەندەڵی ٢٠٠٨، کوردایەتی و جوانی ٢٠١٠.

## بنەماڵە


شێخ نیزامەدین


حەلاوە عەبدولا


عەبدولکەریم


فازیل


دولبەر


ئەختەر


هیوا


جەمیل


جەمال


کامیل


نەجات


چیا


چرا


ئارا


شارا



دیمەنێک لەشانۆگەری ئافرەتو نوشتە

**ئەو نووسەرانەی کە ئەوکاتە لە گەڵیاندا کارت دەکرد بەهۆی گۆڤاری هیوا لە بەغداد کێ بوون؟**

ئەوانەی هاوکارمبوون لە هیوادا: محەمەد نوری عارف و کەریم زانستی و نەسرین فەخری و حافز قازی. ئەوانەیش کە بابەتیان بۆ دەناردین زۆربـوون وەکـو عەبدولقادر قـەزاز، د.قادر شاڵی، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلاجەمیلی رۆژبـەیـانـی، محەمەد مستەفا کوردی، مستەفا ساڵح کەریم، کـامـەران مـوکـری، ساڵح یوسفی، فـازیـل نـیـزامـەدیـن، ا.ب هــەوری، سەعید ناکام ع.میدیا، محەمەد نوری تۆفیق و کۆمەڵێک خەڵکیتر کە ناوی هەموویان لەو گۆڤارەدا دیارە.

گەڕانەوە بۆ خوێندن

**پـاش ئـــەوەی دوو ســاڵ سەرپەرشتی دەرچـوونـی گـۆڤـاری هیوا دەکـات مامۆستا کامیل ژیر دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن و درێـژەی پێدەدات، با بزانین چۆن؟**

من ساڵی ١٩٥٨ کە ناوەندیم تــەواو کـرد چـوومـە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان-بەشی شانۆ لە بـەغـدا، ساڵێک خوێندم و دوای ئەوە ماوەیەک داوایـان لێکردم کە سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەی خەبات بکەم بەکوردی ئەویش کاری ٦ بـۆ ٧ مانگ بـوو، دوای ئـەوە وازم لەوەهێنا و لە ساڵی ١٩٦٠دا بە خارجی تاقیکردنەوەی ئامادەیم کرد و دەرچـووم، پاشان بڕیاربوو حکومەتی فـەرەنـسـا رادیـۆیـەک بکاتەوە بە زمانی کـوردی ئەویش بـەهـەوڵ و کاریگەری د.کـامـەران بەدرخان. د.کامەران بەدرخان لەگەڵ مامۆستا جەمال نەبەزدا کە ئەوکاتە لە سویسرا بوو هەردووکیان پێکەوە بیریان لەوە کردبووەوە کەوا کێ بێت تەکلیفی بکەین ئەو رادیۆیە ببات بەڕێوە، هەردووکیان رێککەوتبوون لەسەر من و نامەیەکیان بۆ نووسیم کە پرۆژەیەکی وا هەیە و ئێمە تۆمان دستنیشانکردووە بۆ ئـەوەی ئەو رادیۆیە بەڕێوەبەری، منیش کارەکەم پێخۆشبوو کە هەم دەچم بۆ ئەوروپا و هەم رادیۆیەک دەبەم بەڕێوە و هەم لەوێش دەخوێنم و دەتوانم کۆلیج تەواو بکەم و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بەدەستبێنم، لەبەرئەوە زۆر بەخێرایی خۆم ئامادەکرد و وەکو وتـم بڕوانامەی ئامادەیشم هەبوو وەرمگێڕا بۆ ئینگلیزی و لەگەڵ خۆمدا بردم و رۆیشتم، ئەوکاتە بە شەمەندەفەر سەفەرم کرد لە بەغداوە بۆ ئەستەمبوڵ، چەند رۆژێک لەوێ مامەوە، بەهۆی جەمال عەلەمداری برادەرمەوە هەندێک بـرادەری باشم ناسی لـە رۆشنبیر و سیاسی و کەسایەتی وەک موسا عەنتەر. ماوەی ١٠ رۆژ لە ئەستەمبوڵ مامەوە و هەر شـەوەی لەماڵی یەکێکیاندا داوەت ئەکرام و باسوخواسی جۆراوجۆرمان دەکرد. پاشان رۆیشتم بۆ سویسرا و لەوێ لەگەڵ مامۆستا جەمال نەبەزدا یەکمانگرت بۆ ئەوەی لە سویسراوە بچم بۆ فەرەنسا بۆ بەڕێوەبردنی رادیۆکە، لەوکاتەدا شۆڕشی ئەیلول زۆر نەبوو دەستیپێکردبوو، کامەران بەدرخان بۆ ئـەوەی کـەوا کێشەی کـورد بباتە ناو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەفەری کردبوو بۆ ئەمریکا، سەفەرەکەی نزیکەی ٢ مانگی پێچوو، لەبەرئەوە چوونەکەی من لە سویسرا بۆ پاریس دواخـرا بەهۆی ئەوەی کە ئەو لەوێ نەبوو، چونکە ئیشەکەمان لەڕێگەی ئەوەوە بوو، هەروەها لەو ماوەیەدا حکومەتی فـەرەنـسـی بـەهـۆی کـاریـگـەری سەفارەتی عیراقەوە لە پاریس وازیان لە کردنەوەی رادیۆ کوردییەکە هێنا، لەهەمانکاتدا د.کـامـەران بەدرخان لەڕێگەی ژنەکەیەوە کە جولەکە بوو زەمالەیەکیان بۆ وەرگرتبووم لە زانکۆی سۆربۆن، بەڵام بەهۆی ئەو ٢ مانگە دواکەوتنەمانەوە هەم پرۆژەی کردنەوەی رادیۆیەکە سەرنەکەوت و هەم زەمالەکەیشم لەدەستچوو. پاش ماوەیەک گەڕامەوە بۆ ئەستەمبوڵ و دواتریش چوومە سوریا و لەوێ لە کۆلیجی یاسا وەرگـیـرام. دوای ماوەیەکیش ئەمرێک دەرچـوو لە عیراقەوە بەوەی هەرچی خوێندکاری کولیەی حقوق هەیە لـە وڵاتانی عەرەب بۆیان هەیە خوێندنەکەیان بگوازنەوە بۆ زانکۆکانی بەغدا، بۆیە بەو هۆیەوە گەڕامەوە بۆ زانکۆی بەغدا و لەوێ درێـژەم بەخوێندندا ١٩٦٦ تەواومکرد.

کـاژیـک: زیـنـدووکـردنـەوەی کولتووری نەتەوە و بیری کوردایەتی

**ئەو پەشیمانە لـەوەی چەند ساڵی تەمەنی شیوعی بووە، چونکە بۆکورد کاریان نەکردووە و بڕوایشیان بەکوردایەتی نەبووە، کەواتە چی؟**

بەڵام ئەوە کۆتایی سیاسەت نییە، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سیاسی دەکەنە وێستگەیەکی تری سیاسی و لەوێوە کوردایەتی نوێدەکەنەوە.

رێـبـازی کـوردایـەتـی تـۆ و بیرۆکەی دروستبوونی کاژیک چۆن بوو، دەستەی دامەزرێنەر کێ بوون؟

من هـەر لـە منداڵیمەوە لە بنەماڵەیەکی کـوردپـەروەر بـووم، لە ساڵی ١٩٣٩ کە شەڕی جیهانی دووەم دەستیپێکرد من گوێچکەی سیاسیم زیاتر کرایەوە، مەجلیسی ماڵەوەمان بـەردەوام بریتی بوو لە گێڕانەوەی دەنگوباسەکانی شەڕی دووەمـی جیهانی، باسی ئەو زوڵم و زۆرانە دەکرا کە لە کورد کراوە، بـاسـی ئـەوە دەکــرا کـورد چـۆن بـەش بـەش کـراوە، واتـە من لەو تەمەنی منداڵییەوە ئەو پرسیارەم لا دروستبوو بۆچی میللەتانی دنیا زۆربەیان سەربەخۆن، ئەی بۆچی کورد دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبێت و هــەر بــەو دافـیـعـەیـش چـوومـە نـاو حیزبی شیوعی، بـەڵام دوایـی بـۆم دەرکـەوت ئـەو چوونەم هەڵە بـوو. هـەروەهـا پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەوکاتەدا زیاتر بەرەو مارکسیەت دەڕویـشـت، لە پەیڕەو پرۆگرامەکایاندا ئەوە نووسرابوو کە ئێمە سوود لە مارکسیی و لینینی وەردەگرین و گەلێک رەفتاریشیان هەر رەفتاری مارکسیانەبوو. ئەوە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە لە ساڵی ١٩٥٩دا کۆمەڵێک لە کادیرەکانی حیزبی شیوعی لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی خۆیان کوتایە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوانە حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، خـەسـرەو تۆفیق و دارا تۆفیق و کابرایەکیش لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتبوو ناوی د.مـوراد بوو ئەوە لە موخابەراتی سۆڤێتی ئیشی دەکرد ئەویش خرایە ناو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتییەوە، ئەم کۆمەڵە کۆمۆنیستە کە لەناو سەرکردایەتی پـارتـیـدا کـۆبـوونـەوە، هەوڵیاندا پارتی بە تەواوەتی بەرەو حیزبێکی مارکسی بەرن و بیکەن بە حیزبێکی کۆمۆنیستی یـاخـود پاشکۆیەکی حیزبی شـیـوعـی، لەیەکێک لەو هەوڵانەیاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەیان ئـەوە بـوو ویستیان رێکخراوە دیموکراتییە کوردییەکانی وەکو لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و..هتد، تێکەڵاوی رێکخستنەکانی عیراقیان بکەن وەکو یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی عیراق، ئیتر بەو هۆیەیشەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پارتیش ئەو حیزبە نییە کە من دەمەوێت. هەر لەوکاتەدا لە بەغدا رۆژنامەی سـەورە هەبوو و سەرنووسەرەکەی ناوی یونس تائی بوو، ئەو رۆژنامەیە کە زمانحاڵی ناڕەسمیی بەعسییەکان بوو، بانگەشەی تواندنەوەی کوردی دەکرد، دەیانویست کورد بتوێننەوە لەبۆتەی بیر و کولتووری عەرەبیدا بـەتـەواوەتـی، دەسـتـیـانـکـردبـوو بە جموجۆڵ و کـارکـردن بۆ ئەو مەبەستە، ئەوانە هەمووی پاڵیان بە من و کۆمەڵێک خەڵکی تری رۆشنبیری کـوردەوەنـا، کە بـرادەر و ناسیاوم بـوون، کە ئێمەیش بیر لەوە بکەینەوە رێکخستنیکی کوردی نەتەوەیی دابمەزرێنین کە نەتەوەی کـورد بــەرەو سـەربـەخـۆیـی بـوون بـەرێـت، دروشـمـی «پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەرەکانی کوردستاندا» بگوێزینەوە بۆ «سەربەخۆیی کورد و کوردستان».

لەڕاستیدا یەکێک لـە هەڵە گـەورەکـانـی حیزبە کوردییەکان هەتاکو پێش دروستبوونی کاژیک ئـەوە بـوو کە ستراتیژی کوردیان لە سەربەخۆییەوە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەرەکانماندا گـۆڕی و ئەوپەڕیشی کە داوایـان دەکـرد ئۆتۆنۆمییەک بوو بۆ ئەم پارچەیەی کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق، لە ئێران خودمختاری بۆ کـورد و دیموکراتی بۆ تـاران، هەڵبەت ئەم بیرۆکەیە زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند. لـەبـەرئـەوە بیرمان لـەوە کردەوە کە حیزبێک یان رێکخستنێک دروسـت بکەین و کردیشمان ئەوە بوو لە ١٩٥٩/٤/١٤دا ئێمە کاژیکمان دامەزراند (کومەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد) بە ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتوخوازەوە کە کورد بەرەو سەربەخۆیی بەرێت.

**دەستەی دامەزرێنەر کێ بوون؟**

ســەرەتــا ٧ کــەس بـوویـن مامۆستایان «ئەحمەد هـەردی، جەمال نەبەز، عەبدوڵڵا جەوهەر، فـەرەیـدون عەلی ئەمین، فایەق عارف، ئیحسان فواد و کامیل ژیر»، دوایی دوو کەسی تریشمان هاتە پاڵ: شێخ محەمەدی هەرسین و محەمەد عەزیز کە ئەوان پارتێکیتریان هەبوو «پارتی گەلی کورد» دوایی خۆیان داوایان کرد وتیان پێمانخۆشە لەگەڵ کاژیکدا ببین بە یەک و ئەوانیش تێکەڵمان بوون، ئەو دوو بەڕێزەیش بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی.

**پاش دامەزراندن جەنابت لەچ ئاستێکی بەرپرسیارێتی کاژێکدا بوویت؟**

ئـەنـدامـی سـەرکـردایـەتـی و بەرپرسی لقی بەغدا، لە هاوینی ١٩٧٤دا بەهۆکاری ئەوەی کەوا شەڕ هەڵگیرسابووەوە لەنێوان شۆڕشی ئەیلول و رژێمی بەعسدا، لەبەرئەوەی نەبینە کۆسپ لەڕێگەی سەرکەوتنی شـۆڕشـدا و تەنانەت ئـەوانـەی کە پێیان دەوتــن جـەلالـی ئەوانیش هاتنەوە ژێر باڵی سەرکردایەتی، باڵی بارزانی، هەموو ئەوانە وایانکرد کە ئێمە چالاکی خۆمان هەڵپسێرین و کۆنفرانسێکمان بەست لە شاری نەغەدە، لەو کۆنفڕانسەدا بڕیارماندا بەشێوەیەکی کاتیی چالاکییەکانی کاژیک راگـریـن تا بزانین شۆڕش بەکوێ و بەچی ئەگات هەرچەندە هەندێ دەنـگ لەگەڵ ئـەو بڕیارە نەبوون.

**لەماوەی کارکردنتاندا چ جۆرە چالاکییەکتان کرد؟**

ئێمە چـالاکـی رێکخستنمان دەکرد، ئەندامانمان هەبوو، لیژنەمان هـەبـوو، لیژنەی لقی سلێمانیمان هەبوو، لیژنەی ناوچەی سلێمانیمان هـەبـوو، لـە بـەغـدا و کۆیە لقمان کردبووەوە، گرنگترین چالاکییەکیش کە هەمانبوو ئێمە لە هێزی خەباتدا باڵادەستبووین، شۆڕشی ئەیلول چەند هێزێکی هەبوو ئەو هێزانەی باڵادەستبوون گەورەترینیان هێزی خەبات بوو بە سەرکردایەتی فەتاح ئاغا و جێگرەکەی نوری حەمەعەلی کە هـەردووکـیـان ئەندامی کاژیک بوون، ئەو دوو کەسە بووبوون بە رەمزێک بۆ نەتەوایەتی و کوردایەتی، هێزەکەیشیان هێزێکی ئێجگار دەستوەشێن و کاریگەر بوو.

**بڵاوکراوەتـان هەبوو؟**

یەکەم بڵاوکراوە کە هەمانبوو «کاژیکنامە» بـوو، نزیکەی ١٠٠ لاپـەڕەیـەک بـوو، لـەو نامیلکەیەدا فـەلـسـەفـەی کـاژیـک، بـیـروبـاوڕی کاژیک، ئامانجی کاژیک، شێوازی کارکردنی کاژیک، ئەمانەمان هەمووی تێدا رۆشـنـکـردبـووەوە، هـەروەهـا ئەوەیشمان باسکردبوو پێش کاژیک ئـەو حیزبانەی تر کە هەبوون بۆ هیچیان بە هیچ نەکردبوو؟ خاڵی لاوازیـان چی بـوو؟ لەهەمانکاتدا بڵاوکراوەیەکی ترمان هەبوو بەناوی «نـەوەی کـورد»ەوە کە زمانحاڵی یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد بـوو، هـەروەهـا رێکخراوی یەکێتی لاوانـــی نـەتـەوەیـی کـوردیـشـمـان دروستکردبوو، ئـەو رێکخراوەیش دیسان بڵاوکراوەیەکی مانگانەی هەبوو بەناوی چرای کوردستانەوە، هەروەها لقی ئەوروپامان کتێبێکی دەرکرد «حەقیقەتی کاژیک» لەگەڵ چەندین نـوسـراو و بـیـرخـەرەوە، رێکخراوێکیشیان بۆ خویندکارانی کورد لە تاراوگە دروستکرد. نامەیشمان بۆ سەرۆکی شـۆڕش مستەفا بارزانی دەنارد لەبارەی کاژیک و بیروباوەڕ و ئامانجەکەیەوە و لەبارەی ئایندەی شۆڕشەوە.

**مـەلا مسـتـەفـا هـەڵـوێـسـتـی بەرانبەر ئێوە چۆن بوو؟**

شەخسی مەلا مەستەفا خۆی





کامیل ژیر



عەبدولا جەوهەر



ئیحسان فوئاد

دەستەی دامەزرێنەری کاژیک - ١٩٥٩

**کاژیک - کوردایەتیی لە سۆزەوە گۆڕی بۆ بیروباوەڕ و فەلسەفەیەکی سنوور ئاشکرا، بەپێچەوانەی بیری چەپەوە سەلماندی کوردایەتی و نەتەوایەتی بەگشتی قۆناغێک نییە لە مێژوودا، بەڵکو بوویەکی هەمیشە زیندووە و شانبەشانی بوونی نەتەوە بوونی هەیە**

هەڵوێستی باش بوو بەرانبەر ئێمە، تەنانەت دوو ئەندامی سەرکردایەتی کاژیک کە شێخ محەمەدی هەرسین و محەمەد عەزیز بوو، ئێمە ئەو دووانەمان ناردە دەرەوە بۆ پاڵ مەلا مستەفا بۆ ئەوەی کەوا نزیک بن لێوەی، ئەویش قبوڵیکردن و دەیزانی هەردووکیشیان کاژیکن، سەرکردایەتی پارتی کەوتنە گلەیی و گازندەکردن لە مەلا مەستەفا کە بۆچی ئەم کاژیکانەت هێناوەتە لای خۆت، دەیانووت ئەمانە شۆڤێنی و پیاوی ئیستیعمار و ئێرانن و هەرچی تۆمەتی خراپ بوو دەیاندایە پاڵ ئێمە.

**واتە ئیتیجاهە مارکسییەکەی ناو پارتی وایان دەوت؟**

بەڵی. مەلا مستەفا پرسیارێکیان لێ دەکات ئەڵێت پێم ناڵێن ئەو کاژیکانە چییان دەوێت؟ ئەوانیش ئەڵێن ئەوان زۆر شۆڤێنین، ئەوانە داوای چوار پارچەکەی کوردستان دەکەن کە لە ئەمڕۆدا بۆ ئێمە زەرەرە و ئێمە ئامانجمان ئۆتۆنۆمییە و لەوە زیاتر بۆ کورد باش نییە، مەلا مستەفایش کە ئەمە ئەبیستێت پێیان ئەڵێت ناوی سەرکردەکانیانم بۆ بنووسن کێ و کێن، ئەوانیش دەنووسن فلان و فلان بەبۆچوونی خۆیان، بارزانی قەڵەمەکەی دەرهێنابوو و وتبووی زەحمەت نەبێت ناوێکی تریش بخەنە سەر ئەو ناوانە، منیش لەگەڵ ئەواندام و سەربەخۆیی کوردستانم ئەوێت، بەناچاری نەبێت منیش بە ئۆتۆنۆمی رازی نیم. هەروەها خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی هەر بەتەواوەتی ئەندامی کاژیک بوو، هەموو نووسینەکانی کاژیکی خوێندبووەوە و تەواو بیروباوەڕی کاژیکی لەلا چەسپیبوو.

**دانیشتن و کۆبوونەوەتان لەگەڵ پارتی دەکرد؟**

نەخێر، بەشێک لە سەرکردایەتی پارتی بە خوێنی سەری ئێمە تینو بوون، یەکێک لەو مەترسیانەی لەسەرمان بوو «جگە لە مەترسی دەسەڵاتی حکومەت و دائیرەی ئەمن و ئیستیخبارات»، مەترسی حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوانە هەر بە خوێنی سەرمان تینوو بوون، بەڵام لەگەڵ مەلا مستەفا و ئیدریسی کوڕیدا کۆک بووین.

**کاریگەرێتی کاژیک لەسەر چەمک و کەش و ئاسوی کوردایەتی چیبوو؟**

ئەو کاریگەرێتییە زۆر بەکورتی لەم خاڵانەدا چڕدەبێتەوە:

کوردایەتیی لە سۆزەوە گۆڕی بۆ بیروباوەڕ و فەلسەفەیەکی سنوور ئاشکرا، بەپێچەوانەی بیری چەپەوە سەلماندی کوردایەتی و نەتەوایەتی بەگشتی قۆناغێک نییە لە مێژوودا، بەڵکو بوویەکی هەمیشە زیندووە و شانبەشانی بوونی نەتەوە بوونی هەیە، رەتکردنەوەی بیرۆکەی برایەتی کورد و داگیرکەرەکانی، یەکگرتنی خەباتی رزگاریخوازی کورد لەسەرتاسەری کوردستاندا نەک خەباتی ناوچەیی هەر پارچەیەک بەجیا، بەریتانیا و سوڤیەت و تورک و فارس و عەرەب وەکیەک تاوانبارن لەئاستی داگیرکردنی کوردستاندا، خەباتی کوردایەتی بۆ سەرجەمی کوردە نەک تەنیا بو چینێکی تایبەت، هیچ چینێکی کۆمەڵ مافی ئەوەی نییە خوی بکاتە پێشڕەوی چینەکانیتر، کیشەی چینەکان بەشەڕی چینایەتی چارەناکرێ، بەڵکو بە کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان چینەکان، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان سازشی لەسەرناکرێ، بەپێچەوانەی مارکسییەکانەوە مەرج نییە بەرژەوەندیی چینی کرێکارانی جیهان یەک بەرژەوەندی بێت، نەتەوایەتیش وەک هەر دیاردەیەکی ژیان هەمیشە لەگەشەسەندندایە، کوردایەتی نەک پارتایەتی، فرە پارتایەتی رەوانییە پیش سەربەخۆیی کوردستان، بەهێزترین بنەمای نەتەوایەتیمان هەستی هاوبەشمانە بەوەی نەتەوەیەکی جیاوازین و تایبەتمەندێتی خۆمان هەیە، کوردستان بۆ کورد یەکسانی بۆ گەل، سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی کوردستان هەروەک کەرەستەی خاو بمێنێتەوە باشترە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستاندا، رەتکردنەوەی بیرۆکەی نێونەتەوەیی، مەرج نییە هەمووکاتێ بەرژەوەندی چینی کرێکار و سەرمایەدار یەکنەگرێتەوە و...هتد کە لە ئەدەبیاتی کاژیکدا درێژەی هەیە.



ئەحمەد هەردی



جەمال نەبەز



فەرەیدون عەلی ئەمین



فایەق عارف

## زانکۆ: خەونی پارێزەری

**ئەو ماوەیەی لە زانکۆ دەتخوێند زیاتر سەرقاڵی چی بوویت و چۆن درێژەت بەژیانی زانکۆتدا، ئایا رووبەڕووی هیچ جۆرە مەترسییەک بوویتەوە؟**

من زانکۆیشم بە ئێواران خوێند...

**بۆچی ئێواران؟**

چونکە بە رۆژ لە کۆمپانیایەکی ئەهلیدا ئیشم دەکرد ناوی شەریکەی مەوادی بینائی بوو، بەڕێوەبەری خۆیەتی بووم، ماوەیەک خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەدیش هات لەو کۆمپانیایەدا دامەزرا، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە ناوی رەشید عارف و کوردیش بوو، پیاوێکی باش و نەتەوەیی بوو، ئەو ئێمەی کۆکردبووەوە و لەو کۆمپانیایەدا کارمان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی لەو کۆمپانیایەیشدا کارم دەکرد لە پەیمانگەی ئەمریکی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەشت کورسم خوێند، زمانی ئینگلیزی، هەروەها کۆرسێکی زمانی ئەڵمانیشم خوێند لە پەیمانگای گۆتە لە بەغدا، هەروەها ماوەیەک دەرسی کوردیم بە سەفیری یۆگۆسلافی لە بەغدا ئەوتەوە، سەرباری ئەوەی کارم دەکرد لە رادیۆی کوردی بەغدا بەهۆی شەماڵ سائیبەوە کە داوای لێکردم و وتی حەز دەکەین بێیت ئیشێکی ئەدەبی وەربگریت، ئەوانە هەمووی منی خەریک کردبوو لەگەڵ خوێندنەکەدا تاکو ساڵی ١٩٦٦ کە خوێندنم تەواو کرد.

**دوای تەواوبوونی خوێندنەکەت گەڕایتەوە بۆ سلێمانی؟**

نەخێر، دوو ساڵیتر لە بەغدا مامەوە، لەماوەی ئەو دوو ساڵەیشدا خێزانم پێکەوەنا.

**بۆچی ئەو دوو ساڵە مایتەوە؟**

وەزیفەکەم لەوێ بوو. ئەو کۆمپانیایەی من کارم تێدا دەکرد، کۆمپانیایەکی ئەهلی بوو، بەڵام لە ١٩٦٤دا تەئمیم کرا و بوو بە موڵکی حکومەت، ئیتر ئێمە بووین بە فەرمانبەری رەسمی، بەحوکمی ئەوەی من فەرمانبەر بووم و خۆ نەئەکرا ئەو هەموو خزمەتەم لە کیس چێت، مامەوە تا ساڵی ١٩٦٨خێزانیشم پێکەوەنابوو لە بەغدا ئەژیاین، رۆژێک بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی جگەرەی سلێمانی ناوی رەسوڵی مەجید بەگ بوو، سەردانی کۆمپانیاکەمانی کرد، لەوێ منی بینی و وتی: تۆ لێرەیت و بەڕێوەبەری ئیدارەیت و منیش پەکم کەوتووە لەسەر بەڕێوەبەرێکی باش، تۆ چی دەکەیت لە بەغدا، وەرەوە بۆ سلێمانی. ئیتر نقڵی سلێمانی کرامەوە و هاتمەوە بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی و لەوێ ماوەیەک کارمکرد و لەوێیش نقڵ بووم بۆ جێگەیەکی تر.

## بزووتنەوەی رۆژنامەنووسی

**لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ چۆن بەشداری ئەو بزووتنەوە رۆژنامەنووسییەت کرد؟**

لەو ماوەیەدا لە سلێمانی بووم فەرمانبەرێکی حکومیش بووم، بەڵام بەردەوام شتم دەنووسی چ وەکو بڵاوکراوەی نهێنی کاژیک، چ ئەوانەی کە بەناوی خۆمەوە دەمنووسی و بڵاومدەکردەوە لە رۆژنامەکاندا، ئەوکاتە لە بەغدا، رۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری کاروان هەبوو، من لەوانەدا بەردەوام شتم بڵاودەکردەوە، زیاتر لە دەرگای کوردایەتی و نەتەوایەتیم دەدا لەو نووسینانەدا.

**چۆن بڕیارتاندا پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن؟**

پێشتر دوو ئەندامامان نارد بۆ پاڵ بارزانی، جگە لەوان و هێزی خەبات، چەند هاوبیرێکمان چوونە دەرەوە بەشداری شۆڕشیان کرد، لە ١٩٧٤وە زۆربەی سەرکردەکانی کاژیک چووینە دەرەوە، چووینە پاڵ شۆڕش، لەوێ من هەم وەکو پێشمەرگەیەک و هەمیش وەکو حقوقییەک چوومە ئەمانەی گشتیی ئەوقاف و عەدل کە ساڵح یوسفی ئەمینی گشتیی ئەو ئەمانەتە بوو و لەوێ کرام بە حاکم، لەهەمانکاتدا کرام بە پشکنەری داد، ماوەیەکیش ئەندامی دادگای سەربازی بووم کە چەند کەسێک ئەو دادگایەیان دەبرد بەڕێوە و سەرۆکەکەی ناوی عەبدولڕەحمان قازی بوو، جەلالی ئەمین بەگ و مەلا کەمال و من ئەندامی مەحکەمەی عەسکەریش بووین، بەردەوام بووین هەتاکو شۆڕشەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە.

کاتێک عەفوو دەرچوو ئیتر هەمووی گەڕایەوە هەر کەسێک بەجۆرێک، من گەڕامەوە و چوومەوە سەر وەزیفەکەی خۆم، لەوکاتەدا کە من چوومەوە سەر وەزیفەکەی خۆم هەموو ئەوانەی کە هاتنەوە لە شۆڕشەوە پێیان دەوتن «العائدون»، کەسە ناودارەکان هەموو نەفیکران بۆ خوارووی عیراق، بەڵام من نەفینەکرام و چوومەوە فەرمانگەکەی خۆم..

**بۆچی نەفینەکرایت لەکاتێکدا جەنابیشت بەشداری شۆڕشت کردبوو؟**

لەبەرئەوەی پێش ئەوەی پەیوەندی بکەم بە شۆڕشەوە من بەڕێوەبەری کارگەی زیوتی نەباتی بووم لە سلێمانی، هاتم هەرچی بەرهەمەکانی زیوتی نەباتی هەیە لە مەخزەنە گەورە گەورەکانمان فرۆشتمن و مەخزەنەکانم هەمووی سفر کرد، کۆی پارەکان کردیە ١٣٠٠٠٠ دیناری سویسری، ئەو بڕە پارەیە ئێجگار زۆر بوو، خانوویەکی ٢٠٠مەتری بە ١٠٠٠دینار دەکرڕدرا لەو کاتەدا، من ١٣٠٠٠٠م بۆ گەڕاندنەوە، لەبانک بۆمدانان و لەگەڵ نامەیەکدا بە پۆستەدا ناردم بۆ بەغدا بۆ مودیر عامەکەمان. لە نامەکەدا وتم من ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەیی فەرزی کردووە بەسەرمدا کە بچم پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە بکەم، وەکو ئەرکێکی ئەخلاقیش هەرچی مەوادەکانی زیوتی نەباتی هەیە کردم بە پارە و خستمە بانک و بۆم ناردنەوە و ئەمەیش حیسابەکەیە و خیانەتم لە یەک فلسی ئەو شەریکەیەم نەکردووە.. خەڵک هەبوو لەوکاتەدا ٢٠ دینار لە قاسەکەیدا هەبوو دەیخستە گیرفانی و دەڕۆیشت، بەڕێوەبەری گشتیی ناوی حاتەم عەبدولڕەشید کە هاوکاری کۆلیجم بوو چووبوو نامەکەی منی پیشانی ئەحمەد حەسەن بەکر دابوو کە خەزووری بوو وتبووی ئەوەتا من فەرمانبەری ئاوام هەیە ١٣٠٠٠٠ هەزار دینار گاڵتە نییە خیانەتی لە یەک فلس نەکردووە هەمووی تەحویل کرد بۆ بەغدا و وەکو واجبێکی قەومی پەیوەندی بە شۆڕشی گەلەکەیەوە کردووە، حەقی خۆیەتی، ئیتر زۆریان پێخۆش بوو. من ئەوەیشم ئەزانی کە لەهەموو بارێکدا لێبوردنێکی گشتیی دەرئەچێ و ئەو پارەیەم ناکەوێتە ئەستۆ.

کە گەڕاینەوە هاتمەوە بۆ کۆمپانیا، ئەو بەڕێوەبەرەمان بەتایبەتی لە بەغداوە هات بۆ سلێمانی بۆ لای من و وتی ناهێڵم نەفی بکرێیت. من مامەوە لە سلێمانی و بەردەوام بووم لەسەر وەزیفەکەم تا ساڵی ١٩٨٢کە خۆم خانەنشینکرد. لەوکاتەوە دەستمکرد بە پارێزەرایەتی تاکو ئێستا.

> **هەموو کاتێک لەبارە بۆ سەربەخۆیی بەئێستایشەوە، بەڵام ئەوەیشت لەبیر نەچێت ئێمە کە پێ لە سەر سەربەخۆیی دائەگرین، وە نەبێت بڵێین سەربەخۆیی هەر بە بڕیارێک دەستەبەر دەبێت، بەڵکو پێویستە کاری بۆ بکەیت، کاتێک کارت بۆ کرد و خۆت بۆ ئامادەکرد ئەوکاتە هەل رێکدەکەوێت، یەکێک لەو هەلانە کە رێکدەکەوێت دەتوانی ئیعلانی سەربەخۆیی تێدا بکەیت**

## پاسۆك: خەونێکی تر بۆ سەربەخۆیی

**دوای ئەوەی چالاکییەکانی کاژێکتان راگرت، پاسۆک دروستبوو کە ئەویش بەهەمان شێوە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو، پەیوەندی جەنابت لەگەڵ ئەو پارتە چۆن بوو؟**

دوای ئەوەی کاژێک لە ساڵی ١٩٧٤دا چالاکییەکانی خۆی راگرت، رێکخستنێکی تر بەناوی «پاسۆک»ەوە دروستبوو، پاسۆک لە ساڵی ١٩٧٥دا دروستبوو کۆمەڵێک گەنج و ئەفسەر ئەو رێکخراوەیان دروستکرد، ئێمە ئاگامان لێی بوو، سەرکردایەتی کاژێک لای وابوو بەڵکو ئەوان لە ئێمە چالاکترین و کارەکان بەڕێوەببەن، ئیتر پاسۆک درێژەی بە خەباتی خۆیدا و ئەوان چوونە شاخ و چەکیان هەڵگرت وەکو یەکێک لەو حیزبانەی تر کەوا شۆڕشی دەکرد. وردە وردە پەیوەندی نهێنیم دروستکرد لەگەڵ پاسۆکدا، لەڕێگەی کوڕێکەوە مەلا شوانی ناوبوو وەکو تەتەر وابوو لەنێوان سەرکردایەتی پاسۆک و شاری سلێمانیدا، چەند نامەیەکی بۆ هێنام و منیش بە چەند نامەیەک وەڵاممدانەوە، ئیتر بەردەوام ئەدەبیاتی پاسۆکی بۆ دەهێنام، منیش شتم دەنووسی و بە ناوی نهێنییەوە بۆم دەناردن. لەڕاستیدا ئەو کارە زۆر مەترسیدار بوو، من هەم فەرمانبەرێکی حکومی یا پارێزەرێک بووم لەهەمانکاتدا پەیوەندیشم بە پاسۆکەوە بوو، بگیرایەم لەسەر ئەوە پارچە پارچەیان دەکردم، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا وەکو ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی گوێم پێنەئەدا و ئەموت هەرچی روو دەدات بەنیسبەت منەوە با رووبدات زۆر ئاساییە لەپێناو نەتەوەی خۆمدایە، تا راپەڕین ئەو پەیوەندییەی من و پاسۆک لەژێرەوە نهێنی مایەوە.

**بەڵام دوای راپەڕین ئەو پەیوەندییە بەنهێنی نەمایەوە، ئەوەیان چۆن بوو؟**

لە ساڵی ١٩٩١دا کە راپەڕین بوو ئەوەبوو حیزبەکان هەموویان هاتنەوە ناو شار پاسۆکیش بەهەمان شێوە، لەوێ لەیەک ئاشکرابووین و زیاتر بەیەکەوە دانیشتین و بڕیارماندا مەکتەبی سیاسی بۆ پاسۆک دروست بکەین، مەکتەبی سیاسی پاسۆکمان دروستکرد لە «مولازم کەریم، مولازم شوان، مژدە تایەر، عەبدوڵڵا ئاگرین و کامیل ژیر»، ماینەوە تاکو ساڵی ١٩٩٣، پێشتریش لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا ئێمەیش لەگەڵ سۆسیالیست بەشداریمانکرد بە لیستێک و دەنگمان زۆر نەهێنا ، لە ٢,٥٪ مان هێنا ئەوە وایکرد وا بیربکەینەوە کە یەکبگرین «پاسۆک، سۆسیالسیت و پارتی گەل بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان»، ئەو سێ حیزبە یەکمان گرت بۆ ئەوەی ببین بە هێزی سێیەم بەناوی حیزبی یەکگرتن، ئیتر ماینەوە تا ساڵی ١٩٩٣ کە پارتی و یەکێتی سەرچاوەی داراییان لە ئێمە بڕی، دیاربوو هەستیان کردبوو ئەگەر ئێمە بەردەوام بین و ببین بەهێزی سێیەم رەنگە جێگەی ئەوان لێژ بکەین، بۆیە لەڕووی مادییەوە کەوتنە دژایەتیکردنمان، ئەو مەسەلەی سەرچاوەی داراییە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چونکە ئێمە وەکو پاسۆک لەڕاستیدا لە زاخۆوە هەتاکو خانەقین لق، ناوچە، بارەگای عەسکەری، بارەگای مەدەنیمان هەبوو، ئۆتۆمۆبێلمان هەبوو، ئەمانە هەمووی بە پارە دەچوون بەڕێوە، ئەوان کە سەرچاوەی داراییان لێ بڕین ئێمە پەکمان کەوت، ئەو هەموو خەڵکانە ژیانیان لە ئێمە دەویست، ژیانی ئەوەی پێشمەرگەی ئێمە بوو دەبوایە خۆی و ماڵ و منداڵیمان بژیاندایە و دەبوایە مەسرەفی بارەگاکانمان بکردایە، دەبوایە بەردەوام چەکی تازەمان بۆ پەیدابکردنایە، فیشەک و پێداویستی عەسکەریمان بۆ دابین بکردنایە، ئەمانە هەمووی بە پارە دەکرا و زیاد لەمانەیش یەکێتی کەوتە ئەوەی کە لەژێرەوە پەیوەندی دەکرد بە بنکە و بارەگاکانمانەوە و هەڵیان دەگێڕانەوە و ئیغرایان دەکردن بە پارە و چەند کەسێک لەوانە دەچوونە ناو یەکێتی نیشتمانی و دەبوو بە هەڵا و دیعایەیان دەکرد بۆ خۆیان کە گوایە ئەوەندە خەڵک لە ناو پاسۆکەوە هاتوونەتە ناو یەکێتی نیشتمانی، ئەمانە و ئەو کۆمەڵە گوشارانە وایان لێکردین کە ناچاریان کردین خۆمان بخەین بە لایەکدا، یا ئەبێت بچینە ناو یەکێتی نیشتمانی یان دەبێت بچینە ناو پارتییەوە، ئیتر ئەوە بوو لەئەنجامدا کۆنگرەمان گرت و بە زۆرینەی دەنگی کۆنگرەی هەر سێ حیزبەکە بڕیاردرا کەوا ئەو تێکەڵاوییە بکەین، لەئەنجامی ئەو بڕیارەدا ژمارەیەک چوونە ناو یەکێتی نیشتمانی لەوانە: رەسوڵ مامەند، شێروان شیروەندی و شێخ محەمەد شاکەلی وعەدنان موفتی. ئەوانی تریش چوونە ناو پارتییەوە، بێجگە لە د.محمود عوسمان کە هەر بەسەربەخۆیی مایەوە.

**جەنابت چ لایەکیانت هەڵبژارد؟**

پارتی. من لە ساڵی ١٩٩٣ کە کۆنگرەی ١١ی پارتی گیرا، بەحوکمی ئەوەی کەوا ئێمەیش تێکەڵ بە پارتی ببوین چووینە کۆنگرەوە و بووین بە ئەندامی کۆنگرە، لەناو کۆنگرەدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروستبوو بۆ ئەو شکاتانەی کە لەناو کۆنگرەوە بەرزدەکرانەوە. من و شێروان حەیدەری و کاکەڕەش نەقشبەندی و نەجمەدین یوسفی کراین بە لیژنەی تەحقیقی باڵا لە کۆنگرەی پارتیدا، ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ شکات بەرزکرابووەوە، هەموویان تەسلیم بە ئێمە کرا، ئێمەیش لەنێوان خۆماندا کۆبووینەوە و کارەکانمان دابەشکرد، پارێزگای سلێمانی بە من سپێردا، ناوچەی هەولێر بە کاکەڕەش و شێروان حەیدەری سپێردرا، ناوچەی بادینانیش بە نەجمەدین یوسفی سپێردرا، ٤ مانگ ئێمە خەریکی یەکالاکردنەوەی ئەو شکاتانە بووین، لێکۆڵینەوەمان دەکرد، ئیتر وردە وردە هەموویانمان کرد بە راپۆرتو دوایی بە راپۆرتێکی یەکگرتووی لیژنەکە پێشکەشی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی پارتیمان کرد، دوای ئەوە من کشامەوە لە پارتی...

**بۆچی؟**

هەستمکرد پارتیش تینوێتی من ناشکێنێت، ئەوە نییە کە ئایدۆلۆژیەتی من تێیدا بەدی بێت، هەر ئەو پارتییەی جاران بوو، گۆڕانێکی ئەوتۆم نەبینی بوو تێیدا بکرێت کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە رامان وابوو پارتی ئەوە نییە کە بتوانێت سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەستەبەر بکات، ئێمەیش ئامانجمان سەربەخۆیی کوردستان بووە بەئێستایشەوە.

ئەگەر ستراتیجی ئێمە و هەموو حیزبە کوردییەکان سەربەخۆیی کوردستان بووایە، لەو ماوانەدا چەندین هەل رێککەوت بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەمانتوانی ئەو ئامانجە بەدیبێنین..

**پرۆسەی ئازادی عیراق و راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ت بەهەل دەزانی؟**

بەڵێ باشترین هەل بوون، هەروەها ئینقلابی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨یشدا بەهەمان شێوە هەلێکی باش بوو.

**زروفی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەباربوون بۆ ئەوەی کورد ئەو بڕیارە بدات؟**

ئەمە قسەیەکە ساڵەهای ساڵە سەرکردەی حیزبە کوردییەکان دووبارەی دەکەنەوە کەوا زروفی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەبار نییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چوار دەورمان بە دوژمن گیراوە، ئاومان نییە و کۆمەڵێک لەم تەبریراتانەی کە هیچی وانییە، بەڕای ئێمە هەموومان کە نەتەوەیی بووین و بەبۆچوونی کاژێک و پاسۆکی پێشوو، هەموو کاتێک لەبارە بۆ سەربەخۆیی بەئێستایشەوە، بەڵام ئەوەیشت لەبیر نەچێت ئێمە کە پێ لە سەر سەربەخۆیی دائەگرین، وە نەبێت بڵێین سەربەخۆیی هەر بە بڕیارێک دەستەبەر دەبێت، بەڵکو پێویستە کاری بۆ بکەیت، کاتێک کارت بۆ کرد و خۆت بۆ ئامادەکرد ئەوکاتە هەل رێکدەکەوێت، یەکێک لەو هەلانە کە رێکدەکەوێت دەتوانی ئیعلانی سەربەخۆیی تێدا بکەیت، ئەگەر ئێمەی کورد لەوەو پێش کارمان بۆ سەربەخۆیی بکردایە، واتە بارودۆخمان بۆ ئامادەبکردایە، وەکو وتم ساڵی ١٩٥٨، راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ناوچەی ئارام و پرۆسەی ئازادیی عیراق ٢٠٠٣ باشترین هەل بوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

## دیوانی چاودێریی دارایی

**ماوەیەک پێموابێت لە دیوانی چاودێری دارایی ئیشتکردووە، چۆن دەستتپێکرد و چۆنیش کۆتاییت پێهێنا؟**

دیوانی چاودێریی لەڕاستیدا ئیشی راستەوخۆم تێدا نەکردووە، فەرمانبەری دیوانی چاودێری دارایی نەبووم، بەس وەکو پارێزەرێک هەندێک جار دەبووم بە وەکیلی عامی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەندێک دعوا کە هەیانبوو، دوایش وەکو راوێژکاری یاسایی لەگەڵ دیوانی چاودێریدا پەیوەندیم هەبوو...

**تەعلیقت چییە لەسەر ئەو دیوانە؟**

دیوانێکی زۆر چاک بوو، تائێستاش هەر ماوە و بەردەوامە، ئەوەی کە بیرم دێت زیاتر لە ٢٧٠٠ راپۆرتیان نووسیوە لەو تەمەنەی پێشوویاندا تا ئێستا، ئەو راپۆرتانەی زۆری گەندەڵییەکانی حکومەتی تێدایە و هەندێ لەوانەی خۆیشیان بە شاعیری گەورە و نیشتمانپەروەر و نووسەر و ئەدیب دەزانن لەڕێگای



دیمەنێکی شانۆیی ساڵی ١٩٥٤



کۆلیجی ماف لە بەغداد ١٩٦٦









کامیل ژیــر



رەفیق حیلمی، کامیل ژیــر

دیوانی چاودێریی داراییەوە کەشف کراون کە ئەوانیش گەندەڵن و چەندین دزییان کـردووە، ئەمانەی هەموو تێدایە، بەڵام ئەوەی کە وا جێگەی داخە ئەوەیە لەوە دەچێت دیوانی چاودێریی دارایـی هەر لە بنچینەدا بـۆ چـاوبـەسـت دروسـت بووبێت، نەک بۆلەناوبردنی گەندەڵی، چونکە ئەگەر بۆ ئەوە بوایە دەبوایە ئەو راپۆرتانەیان بخستایەتە کار و بەپێی ئەو راپۆرتانە هەرچی ئەو کەس و لایەنانەی بە بەڵگەوە گەندەڵیان ئیسپات بووە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرایە، دیوانی چاودێری بە بەڵگەوە نەبێت قسە ناکات، دەستەیان هەیە، دەستەکانیان دەنێرن بۆ دائیرەکان، بە ئیشوکاری ساڵانەی دائیرەکاندا دەچـنـەوە، ئـەو پـارانـەی وەریـان گرتووە چۆن چۆنی خەرج کراوە و لەکوێدا دزی کراوە و کێ دزیویەتی، کـێ کـردوویـەتـی، گەندەڵییەکان چین؟ ئەمانە هەمووی بە بەڵگەوە بە چاپکراوی کـراون بە راپـۆرت و نێردراون بۆ پەرلەمانی کوردستان، نوسخەیەکیشی نێردراوە بۆ فەرمانگە و وەزارەتەکان، بەڵام ئەو راپۆرتانە کە هەمووی دەچـوونـە پەرلەمان، دەچوونە ناو وەزارەتەکان، لەجیاتی ئـەوەی بـەدواداچـوونـی بۆ بکرێت، دەخـرایـە سـەر رەفـە و پشتگوێ دەخریت، بۆچی؟ چونکە گەندەڵییەکان یەخەی خۆیان دەگرێتەوە، لەبەرئەوە دیوانی چاودێری دارایی بەو جۆرە مایەوە تاکو لەم دواییەدا جەلالی سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری لەئەنجامی ئەوەدا کە ئەو راپۆرتانەی گوێی پێنەدەدرا، چەند جارێک داوای خانەنشینی کرد، ئیتر ئەوە بوو لەم دوایەیشدا بڕیارێک لە پەرلەمانی کوردستان دەرچـوو بۆ یەکگرتنی دیوانی چاودێریی دارایـی سلێمانی و هەولێر و داوایـان لە جەلال سام ئاغا کردبوو ببێتە سەرۆکی، «ئەوە رای یەکێتی بـوو نـازانـم پارتی ئەوەی قبوڵ دەکرد یان نا»، کاک جەلال وتی من ئەوە ناکەم، چونکە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە ئەوەتا راپۆرتەکانمان جێبەجێ ناکرێت ئیتر ئاسنی سـاردی چی بکوتم. یەکێکی تازەیان هێناوە کردوویانە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی کە ئـەو کەسە تەنانەت کوردیش نازانێت، شتێکی سەیرە و بۆ ئەوە هێنراوە کە وەک شتێکی شکلی بێت کە ئەمەش بەڵگەیەکیترە بۆ راستی بۆچوونەکەمان.

## یەکەمەکانی ژیان

هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک کەس و چەمکی یەکەم لەژیانیدا هەیە، یەکەمەکانی ژیانی مامۆستا کامیل ژیر کێن؟

**کێ بە یەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟**

یەکەم مامۆستا؟ لەڕاستیدا باوەرم بەوە نییە کەوا کەسێک یەکەم مامۆستام بوو بێت، هەموو کەسێک لەژیانیدا کۆمەڵێک مامۆستا هەبووە کە لەیەککاتدا رێبەرایەتی بکات، من ئەو کۆمەڵە مامۆستایانەی کە لە منداڵییمەوە کاریگەریان هەبووە لەسەرم لەرێگەی نووسین و شیعرەکانیانەوە، شیعرەکانی فایەق بێکەس، شیعر و نووسینەکانی ئەحمەد موختار بەگی جـاف، هـۆنـراوەکـانـی پیرەمێرد و مەولەوی و نالی و مەحوی و گۆران و هەردی و نووسینەکانی نەبەز، ئەوانە هەموویان کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر من و بە مامۆستا و فێرکەری خومیان دەزانم.

**کێ نزیکترین هاوڕێتە؟**

هاورێ نزیکەکانم زۆرن، هەیانە ئێستا لێرە نییە یان مردوون، بەڵام ئێستا لەو هـاوڕێ نزیکانەی هەمە جەلالی سـام ئاغا و حاکم کەمال مستەفا، هەرسێکمان ماڵمان لە گردی سەرچنارە و زوو زوو یەکتر دەبینین و مەجلیسمان هەیە.

**خـێـزانـەکـەت بـۆ تـۆ چی دەگەیەنێت؟**

خێزانەکەم بۆ من گەلێک واتای هەیە، یەکەم ئەویش لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیرە و کچی شێخ حەسەنی شێخ حەمە مارفە کە نووسەرێکی کوردی بە توانا و زمانزانێکی کوردی باش بووە، ئەوانە وەکو بنەماڵە دیسان لە گەڵمدا گونجاون، هەروەها هاوسەرێکی دڵسۆز و بەپەرۆشە بۆ من و بۆ تەندروستی و ئایندەی من.

**شانازیی بەچییەوە دەکەیت؟**

بەو خەباتەی کـەوا کردوومە، شانازیی بەو بەرهەمانەوە دەکەم نووسیومن، ئەو کتێبانە، هونراوەکانم، شانازیی بەو هەڵوێستانەوە دەکەم کە بوێرانە نواندوومە و هەرگیز سڵم نەکردووەتەوە تەنانەت لەکاتی رژێمی بەعسدا، من چەندین هەڵوێستم هەبووە لەسەر میکرۆفۆن و شانۆ کە بەگژ رژێمی بەعسدا چوومەتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٥دا کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر کرا، لەو کۆنگرەیەدا ئەوانەی ئامادەبوون و دەعوەتکرابوون پیاوانی رژێم بوون، ئەندامانی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزییەکەی ئەوسابوون، چەندین سەرۆک جاشی تێدا بوو، من لەوێدا هۆنراوەیەکەم خوێندەوە بە ناوی «گورگانە شـەوێ»وە، لەو گورگانە شەوییەدا بەئاشکرا هێرشم کردە سەر ئەوانەی کە جاشیتی و خیانەت دەکەن لە نەتەوەی کورد. لەسەر ئەوە ئەمری گرتنمان دەرچوو، من و حەمەئەمین پێنجوێنی و لەتیف قـەرەداغـی، هەرسێکمان سێ شیعری لەو بابەتە توندوتیژەمان وت، دوایی بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەمری گرتنەکەمان هەڵوەشێنرایەوە، ئەوکاتە نافیع ئاکرێیی سەرۆکی ئەدیبانی کورد بوو، ئەو هەوڵیدا و نەیهێشت بگیرێین.

**لەچی پەشیمانی؟**

لەوەی ١٠ ساڵەی تەمەنی خۆم لە رێکخستنەکانی حیزبی شیوعیدا بەسەربرد، بـەداخـەوە ئـەوە رەنج بەخەسارییەک بوو بۆ من، دەبوایە ئـەوەم نەکردایە کە بەهۆی هەڵە تێگەیشتنی خۆمەوە بوو و کاتێکیش تێگەیشتم یەکسەر وازم لێهێنا.

**بۆچوونت دەربارەی بەیاننامەی ١١ی ئادار چییە؟**

وەرچەرخانێک بوو لە مێژووی کـورددا، بۆ یەکەمجار یەکێک لە حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دانبنێت بەبوونی کورددا .هەروەها مافی حوکمێکی زاتی بۆ کوردان، بـەڵام لەهەمانکاتیشدا ئێمە بە پەرێزەوە دەمانڕوانییە بەیانی ١١ ئادار، هەموو کاتێک لەرێگای ئەو برادەرانەوە کە هەمانبوو جوابمان دەنارد بۆ مەلا مستەفا کە پێویستە ئاگاداربێت و رەنگە ئەمە پیلانێ و تاسەر نەبێت، ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە. گومانەکانی ئێمە لەڕاستیدا جێگەی خۆی بوو، چونکە هێشتا لە ناوەڕاستی ئەو ماوەیەدا بووین کە ئەوە بوو رژێمی بەغدا چەند مەلایەکیان نارد بۆ لای مەلا مستەفا کە بۆمبرێژکرابوون و چوون لەوێ خۆیان تەقاندەوە بەمەبەستی کوشتنی، بەرێکەوت بەرنەکەوت.

**ئێستا لەکوێدایت؟**

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتیمانی کـوردسـتـانـم — سـەرکـردایـتـی بـاشـوور. ئـەم رێکخستنەیش هەوڵێکە بۆ یەکێتییەکی نەتەوەیی سەرتاسەری.

**ئاواتی گەورەت چییە؟**

ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

ئاسۆ ٧
خاوەنی ئیمتیاز: **دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن** سەرنووسەر: **عارف قوربانی** جێگری سەرنووسەر: **سۆران عەلی** بەڕێوەبەری هونەری: **هێمن یەحیا** سکرتاریەتی نوسین: **عەتا کەریم، فاروق جەمیل، عەلی سدیق**
**بۆ ڕیکلام** ٠٥٣)٥١١١٠٢٢) - ٠٧٧٠٨١٧٧٨٨٥
**ئیمەیڵەکانی ئاسۆ:** hemereng@xendan.org - aso@xendan.org - asopress@yahoo.com
reklam@xendan.org - sport@xendan.org - ferheng@xendan.org - agadari@xendan.org - aburi@xendan.org
نوسینگەکان: **کەرکوک:** ئیسکان. نزیک بارەگای تەلەفزیۆنی کەرکوک ئاسیا: ٠٧٧٠٢٣٨٢٣١٩ - **سلێمانی:** شارێی سالم تەنیشت پردی شەهید خەسرەوخاڵ. هەواڵ: ٠٥٣)٥١١١٠٢٢) - **هەولێر:** .شەقامی کەرکوک بەرامبەر کۆلێژی زانست کۆرەک: ٠٧٥٠٤٥٣٧٣٢٤ - **گەرمیان:** کەلار. بازاڕی ساری کەلاری فانۆس تیلیکۆم: ٠٧٤٨٠٢٢١٦١٢




www.xendan.org
7th Year No.: 1427 Mon. 14 / 3 / 2011

## هزری کوردایەتی

لە ناڵەی نائومێدیما
لەسەرهەڵدانی شادیما
لەسەر شاخێ، لەناو هەردێ
لەگۆمێ یان لەناو وەردێ
لەخۆشیما، لەگەڵ دەردێ
لەژێی هەستم بدا مەردێ
وەکو نیازێکی بێگەردێ
لەپێناوێ کە چەند بەردێ
بهاوێژینە نامەردێ
بەرەی داگیرکەری کوردێ
گەدای هزرێکی لەوجۆرەم
وەها بووم و وەها رۆڵەم
هەما بیر و دەسوبردم
ئەبێ وابم کە من کوردم

بۆ پەیوەندی
xalafgafur@yahoo.com
٠٧٧٠٢٤٧٤٤١٥

سەرپەرشتیار:
خەلەف غەفور
دیزاینەر:
تۆانا عومەر